

# ئافرەتانی کوردستان لە رۆژی جیهانیی ئافرەتدا ئاسۆی داهاتوویان گەش دەبینن

رۆشنا ج. م. ئەمین، مامۆستایە لە زانکۆی سەلاحەدین و پسپۆڕی بواری جینۆساید و راگەیاندن و زمانەو هەڵگری بڕوانامەی ماجیستێرە لە جینۆساید کە لە وڵاتی ئەڵمانیا ئەو بڕوانامەیەی وەرگرتووە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە رۆژی جیهانیی ئافرەتان چ ئاسۆیەکی لە بەردەم مسۆگەرکردنی مافەکانی ئافرەتدا کردووەتەوە؟ سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «ئەم بابەتە گرنگی و پێویستییەکی یەکجار گەورەی نەك تەنیا بۆ ژنان، بەڵکو بۆ پیاوان و گەنجان و منداڵ و هەموو تاکێکی کۆمەڵ هەیە، چونکە دەستەبەرکردنی مافەکان و ژیانێکی سەربەرز و ئارام و ئاشتییانە بۆ ئافرەتان زامنی ئاشتی و ئاسوودەیی و پێکەوەژیانی هەموو ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگەیە». هاوکات دەڵێت: «خەباتی دژواری ژنان لە هەرێمی کوردستان و هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانی گەورە بۆ بەدیهێنانی مافە سادە و بنەڕەتییەکانیان مێژوویەکی زۆر سەخت و پڕ لە نەهامەتی و ماندووبوونی هەیە. کاتێك دەڵێین مافی سەرەتایی، مەبەستمان لەو مافانەیە کە بەپێی دەستوور و یاساکانی ئەو وڵاتە بۆ هاموو تاکێك یان هاووڵاتییەکی وڵاتەکە زامن کراون. تەنانەت ژنان بۆ سەندن و پچڕینی مافەکانیان و جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە کە مافەکانیان دەستەبەر دەکات، دەبێت خەبات بکەن و قوربانی بدەن بکەن، ئینجا نەخوازە کاتێك بێینە سەر داواکردنی ئەو مافانەی کە ژنانی وڵاتانی دیکە بەتایبەت لە وڵاتە دیموکراسی و پێشکەوتووەکان خەباتی بۆ دەکەن، ئەوا کارەکەمان زۆر سەختتر و دژوارتر دەبێت و چەندەهاساڵی دیکە لە هەوڵ و قوربانیدانی پێویستە.

مامۆستا رۆشنا سەبارەت بە ژیانی تایبەتی و دۆخی ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆی دەڵێت: «وەك ژنێکی بەرپرسیار بەرامبەر بە ژیانی خۆم و کۆمەڵگەکەم، وەك چالاکی بواری مافی مرۆڤیش، ساڵانێکە خەبات دەکەم بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی سەربەرز بۆ خۆم و منداڵ و خێزانم و بۆ ژنان و قوربانیانی جینۆساید و جەنگەکان لە کوردستان و ناوچەکە، رۆڵی رێکخراوەکانی حکوومی و ناحکوومی و حزبی ئافرەتان و ژنان و خانمان و ئەوانەی دیکە لە داواکردن و دەستەبەرکردن و پارێزگاری، یان بەرگری لەو مافە سەرەتاییانەی کە هێشتا خەباتیان بۆ دەکرێت، بەڕای من هێشتا لاوازە و بە پێی پێویست نییە و لە ئاست پێداویستی و خواستی ژنان نییە کە لە بەردەم رێگەی سەخت و پڕبەربەستی خەباتدان بۆ دابینکردن و زامنکردنی مافەکانیان». سەبارەت بە هۆکارەکانیشی دەڵێت: «بێگومان هۆکارەکانی زۆرن بەپێی ئەو کارەسات و جەنگ و قەیران و نەهامەتییانەی بەسەر خەڵکی ناوچەکەدا هاتوون، کە بێ شك ئەم بارودۆخە ناهەموارەی رەوشی مرۆڤەکانی لێ کەوتۆتەوە، هەروەها هۆکاری دیکە بەداخەوە ناکۆکی و ناتەبایی و پەرتەوازەیی رێکخراوەکانە، هەروەها دەگمەنیی پلان و پڕۆژەی هاوبەش لە نێوانیان، کە بێگومان دەرەنجامێکی ئاسایی ناتەبایی حزب و لایەنە کوردستانییەکان خۆیانە رەنگی داوەتەوە لە سەرجەم دامودەزگا حکوومی و

**حکومەتی بەهێز بە بەشداری هەردوو رەگەز و بە بەگەڕخستنی تواناکی ئافرەتانی کارامە و پیاوانی شارەزا و پسپۆڕ دروست دەبێت**

**ئەگەر ئاوڕێك لە بزاڤی یەکسانیخوازیی رەگەزی بدەینەوە، ناچار دەبین بە ناخی خەبات و رەنگدانەوەی رۆژی جیهانی ئافرەتاندا خۆمان شۆڕ بکەینەوە، لەبەر ئەوەی خولقێنەری دەستنیشانکردنی رۆژێکی وا بۆ خانمان و ئەوەی کە دەروازەیەکی گەورەی بە رووی دەستەبەرکردنی مافەکانی رەگەزی مێدا کردەوە، خەبات و قوربانیدانی خودی خانمان بووە، کە ئەسپی خۆیان لە گۆڕەپانی نەهێشتنی جیاوازیی رەگەزیدا تاو داوە و بەوەش بناغەی ریفۆرمێکی مێژوویییان دانا، کە رۆژی جیهانی ئافرەتانی لێکەوتەوە، بەڵام ئایا پاش ئەو هەموو قوربانیدانە، هەنگاوەکان بەرەو چ ئاراستەیەك بووە و، چ ئاسۆیەکی لە بەردەم مسۆگەرکردنی مافەکانی ئافرەتاندا کردووەتەوە؟ ئایا لە هەرێمی کوردستان تا چەند بایەخ بەو رۆژە جیهانییە و ناوەڕۆکی پەیامەکانی دەدرێت؟ رۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەستنشانکردنی ئافرەتێك بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟ ئایا ئەو دەستپێشخەرییە مێژووییە کە لە وڵاتانی ناوچەکەدا تا ئێستا رووی نەداوە، تا چەند هاندەری خانمان دەبێت هەتا خۆیان بۆ بەشداریکردن لە دروستکردنی سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتدا ئامادە بکەن؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ناحکوومی و سەرجەم رێکخراوەکانیاندا، کە بەداخەوە رەوشی خەباتی ئافرەتانی کوردستانی لاواز کردووە، هەندێك جاریش چەقبەستووی کردووە. بەڵام ژنان خۆیان زۆر کات پەنجە دەخەنە سەر ئەو کێشانە و خۆشبەختانە جۆرە هۆشیارییەك بەدی دەکرێت لە بزووتنەوە و جووڵەی ئێستای رێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی ژنان بە حزبییەکانیشەوە کە گرنگی بە پێکەوە کارکردن و هەماهانگی بۆ خزمەت بە کێشەکان و دۆزینەوەی چارەسەرەکان دەدەن، کە دوورە لە ململانێ و رکابەریی سیاسیی نێوان حزبەکان. بەڵام ئەمەش دوچاری بەربەست و کێشە دەبێتەوە و دیسان دەمانباتەوە ناو بازنەیەکی داخراو کە چالاکی و هەوڵی گەیاندنی هاوکاری و خزمەتە بەو چینەی کە زەرەرمەندترین چینی کۆمەڵگەیە، ئەویش ژنانن. کەواتە تەنیا رێگەچارە بۆ کارکردنی جددی و ئەکتیڤ و بابەتییانە بریتییە لە وەلانانی جیاوازییەکان لە فیکر و ئایدۆلۆژیا و سیاسەتی حزب و لایەنەکان، بەتایبەت کاتێك باس دێتە سەر دەستبەرکردنی مافەکانی ژنان و بەرگری لە قوربانیانی توندوتیژی و دەستدرێژی بە هەمو جۆرەکانیەوە، چونکە قوربانی رەنگ و بۆچوون و ئایدیۆلۆژیا دیاری ناکات. گوتیشی: «بەهیوای بەردەوامی و بەرەوپێشچوونی رەوشی خەباتی رزگاریخوازیی ژنان لە کوردستان و هەموو ناوچەکە و دەستخۆشی زۆر لەو خانمە ماندوونەناسانە دەکەم کە لە دژوارترین بارودۆخدا بەرگری لە مافەکانیان دەکەن و دڵنیابن کەوا رێگەی بەدیهێنانی ژیانێکی سەربەرز و ئاسوودە بۆ ژنان کارکردنی خۆیانە لەسەر خودی خۆیان و بەرەوپێشبردنی فیکر و کرانەوەی بیریان بە رووی ئەو هەموو زانست و داهێنان و زانیارییانەی لە دنیادا دەستەبەر کراون، هەروەها پشتبەستن بە داهاتی سەربەخۆ و توانایی دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیانە، نەك پەنابردن بۆ توندوتیژی فیکری و تۆڵەکردنەوە و یان تەسلیمبوون و پەنابردنە بەر خۆکوشتن و خۆسووتاندن، کە تەنیا ماڵوێرانی و دەرەنجامی خراپتری لێ دەکەوێتەوە. بە هیوای ژیانێکی ئاسوودە و پڕ لە ئاشتی بۆ هەمووان».

د. مەیادە نەجارِ، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «هەشتی مارس رۆژێکی پرشنگدارە لە مێژووی خەباتی ئافرەتاندا و لە سەرانسەری جیهاندا یادی ئەم رۆژە بە چەندین شێوازی جیاواز دەکرێتەوە. گرنگە هەموو ئافرەتانیش بەگشت ئایدیا جیاوازەکانەوە زۆر بە پیرۆزییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم رۆژە بکەن و دەبێت ئافرەتان پێکەوە لەم رۆژەدا پەیمان نوێ بکەنەوە و هەموو هەوڵێکیان بۆ چەسپاندنی مافەکانیان و گرنگیدان بە تواناکانیان بخەنەگەڕ و بەرەو داهاتووی گەشتر هەنگاو هەڵبگرن». هاوکات دەڵێت: «ئەگەر ئێمە بمانەوێت هەڵوێستێکمان لەسەر چۆنێتی یادکردنەوەی هەشتی مارس هەبێت، سەرەتا پێویستە تێرامانێکی وردی زانستی بکەین بۆ ئایندە و داهاتووی ئافرەتان، چونکە بە بڕوای من ناکرێت ئێمە تەنیا باس لە مێژووی رابردووی هەشتی مارس بکەین، پێویستە ئەزموونی

**لە هەرێمی کوردستان تا رادەیەکی باش ئافرەتان بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیدا کردووە، بەڵام ئەم بەشدارییە لە ئاستی تمووحاتی ئێمەدا نییە**

**پێویستە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی بکەن بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی پرۆگرامی پەروەردەدا سیستەمێکی یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پیادە بکرێت**

**ئێمەی ئافرەتی کورد هەنگاوی زۆر گرنگمان ناوە، ئەمڕۆ سەدان ئافرەتی سیاسەتمەدارمان هەیە و هەزاران ئافرەتمان لە بواری کەرتی تایبەت کاردەکەن، ژمارەیەکی بەرچاو ئافرەتی سەرکەوتووشمان لە بواری بزنس هەیە**

**بڕوام بەوە نییە ئافرەت لە کۆمەڵگە جیابکرێتەوە و بە شێوەیەکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵام هەموو کومەڵگەکان لە سەردەمانێك پێویستییان بە جیاکارییەکی ئەرێنی هەیە**

لێ وەربگرین و باس لە ئایندەی ئافرەتی کورد بکەین و ئەو ڕێکارانە دەستنیشان بکەین کە داهاتووی گەشیان مسۆگەر دەکات. لێرەدا پێویستە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کۆمەڵێك هەنگاوی پراکتیکی بنێن بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئافرەت و مەرجە هەوڵەکانیان بە هەماهەنگی بێت لەنێوان گشت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە گشت ئایدیا و بیروباوەڕە جیاوازەکانەوە و پێویستە چەمکی مرۆڤسالاری و مرۆڤبوونی ئافرەت بکەنە مارشی سەرەکییان. بە بڕوای من مەرجە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان سەرەتا کارەکانیان لە چوارچێوەی گۆڕانکاری لە هزری کۆمەڵگەوە دەست پێ بکەن، ئەویش بە بەڕێوەبردنی هەڵمەتێکی گشتگیری نیشتمانی بۆ بڵاوکردنەوەی چەمکی مرۆڤسالاری و مرۆڤبوونی ئافرەت بکەنە مارشی سەرەکییان، چونکە هەتا ئێستا لەرۆژهەلاتی ناوەراست وەك پێویست كار لەسەر چەمکی مرۆڤسالاری نەکراوە، پێویستە سەرەتا کار لەسەر چەسپاندنی چەمکی مرۆڤسالاری بکەن».

د. مەیادە نەجاڕ بە پێویستی دەزانێت: «ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هەماهەنگی زیاتر بکەن و هەوڵەکانیان بۆ بەشداریی ئافرەتان لە سیاسەتدا زیاتر بکەن، چونکە گەیشتنی ئافرەتان بە ناوەندەکانی بڕیارسازی، کاریگەری زۆر گرنگی لەسەر پرسی ئافرەتان دەبێت و بگرە ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر ئاستی لۆکاڵ و تەنانەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش دەبێت. « هاوکات دەڵێت: «بە بڕوای من هەنگاوی یەکەم دەبێت هانی ئافرەتان بدرێت بەشداری لە پرۆسەی سیاسی بکەن، پێویستە هانی کچان بدرێت بەتایبەتی کچانی قوتابیی زانکۆکان بەشداری کاری ڕێکخراوەیی و کاری سیاسی بکەن، ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە لە هەرێمی کوردستان تا ڕاددەیەکی باش ئافرەتان بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیدا کردووە، بەڵام ئەم بەشدارییە لە ئاستی تمووحاتی ئێمەدا نییە، بۆیە پێویستە کچان بە ڕێژەی زیاتر بێنە مەیدانی کارکردن و هەوڵەکانیان بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی زیاتر بکەن، مەرجە هەموو هەوڵێك بۆ ئەوە بێت، بەشداریی ئافرەت لە پرۆسەی سیاسی بکرێتە کەلتوور. لەلایەکی ترەوە پێویستە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بە مەبەستی کارکردنی زیاتری خولەکانی پەیوەست بە پێگەیاندنی توانای ئافرەتان هەماهەنگیی زیاتر لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان بکەن، واتا پێویستە هەماهەنگییەکان بە جۆریك بێت، نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین ئەکادیمیای تایبەت بە پێگەیاندنی ئافرەتان لە بوارە جۆراوجۆرەکان (بەتایبەتی سێکتەرە گرنگەکانی وەك: سیاسی و ئابووری و کاری ڕێکخراوەیی و بزنس)، بۆ پێگەیاندنی ئافرەتان بکاتەوە، بە جۆرێك خولەکان هێندە فراوان بن، هەر کەسێك بیەوێت تواناکانی برەو پێ بدات، بتوانێ بەشداری بکات، واتە دەبێت خولەکان بە جۆرێك بێت، هەموو ئافرەتان بتوانن بەشداری تێدا بکەن بۆ ئەوەی بایەخی زیاتر بە تواناکانی خۆیان بدەن و بێ سڵەمینەوە ڕوو لە گۆڕەپانی سیاسەت بکەن و بەرەوە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی هەنگاو بنێن». سەبارەت بە ڕۆژی جیهانی ئافرەتانیش گوتی: «پێویستە هەشتی مارس بکرێتە دەستپێکی کاری گەورە و چەندین هەنگاوی گرنگ، بەتایبەتی لە ڕێگەی کردنەوەی چەندین خولی تایبەتمەندەوە، پێویستە هانی بەشداریی ئافرەت لە سیاسەت و بڕیاردروستکردن بدرێت و لە ناوەندەکانی بڕیاردانـدا زیاتر بەشداری بکەن. هەروەها پێویستە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن بکەن بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی پرۆگرامی پەروەردەدا سیستەمێکی یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پیادە بکرێت، بەتایبەتی بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پرۆگرامی پەروەردەوە کار لەسەر توانا و هزری کچانی نەوجەوان بکرێت، بەتایبەتی پەروەردەکردنی کچان لە قۆناغەکانی سەرەتای لاوێتیدا زۆر گرنگە، ئەوەی کە زۆر گرنگە پەروەردەکردنی کچە لەسەر بنەمای هاندان و تێگەیاندن و بەهێزکردنی بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن بڕیار و بتوانێت لە هەموو جۆرە کاروبارێکی هەستیاردا کار بکات. ئێمەی ئافرەتی کورد هەنگاوی زۆر گرنگمان ناوە، ئەمڕۆ سەدان ئافرەتی سیاسەتمەدارمان هەیە و هەزاران ئافرەتمان لە بواری کەرتی تایبەت کاردەکەن، ژمارەیەکی بەرچاو ئافرەتی سەرکەوتووشمان لە بواری بزنس هەیە، سەدان ئافرەتانی چالاکی کۆمەڵگەی مەدەنیمان هەیە، بەڵام مەرجە هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوە بێت، زیاتر کار لەسەر تواناکانمان بکەین».

مینا ئاوەکەڵەیی، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، پێش ئەوەی باسی ڕۆژی جیهانی ئافرەتان بکات، هێما بۆ نەهێشتنی جیاکاریی ڕەگەزی دەکات و دەڵێت: «هەرچەندە من وەکو ڕای تایبەتیی خۆم بڕوام بەوە نییە ئافرەت لە کۆمەڵگە جیابکرێتەوە و بە شێوەیەکی تایبەت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵام هەموو کومەڵگەکان لە سەردەمانێك پێویستییان بە جیاکارییەکی ئەرێنی هەیە، بۆ بە دەستهێنانی ماف و ئیستحقاقاتی ڕەگەزێك، یان پێکهاتەیەك کە لە دەسەڵات نەبن، یان بە ژمارە کەمتر بن، تاکو دەرفەت بدرێ بێنە پێش و ڕۆڵی زیاتر ببینن، خەڵکیش ڕابێت لە سەر ئامادەبوون و بڕیاردانی ئەوان. بێگومان ئافرەتانی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و سەرجەم سەرهەڵدانەکان، تا ئێستاش ڕۆڵی ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسی و و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا ڕۆڵێکی بەرچاوە، لەلایەك لە سەکتەرە جیاجیاکان وەکو پەروەردە و ڕۆشنبیری و زانکۆ و تەندروستی

و زانستی، لە لایەکی دی بەرپرسیار بووە لە پێگەیاندنی نەوەکان و سەرخستنی پرۆسەی پەروەردەیی منداڵان». گوتیشی: «ئاشکرایە شەڕی دژی تیرۆر لە کوردستان گەورەترین و ترسناکترین هەڕەشە بوو لە سەر کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەڵام ئەم هەڕەشەیە لەلایەن پێشمەرگەی کوردستان و هاوپەیمانان بەرپەرچ درایەوە و رۆڵی ئافرەتانیش لە شەڕی دژی تیرۆریستان رۆڵێکی بەرچاو بووە، چ بە بەشداریکردنی فیعلی لە سەنگەرەکانی بەرگریکردن و چ بە پێشکەشکردنی پاڵپشتیی مەعنەوی، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی زۆریان، باوك، هاوسەر، یان رۆڵەیان لە پیناو پاراستنی خاکی کوردستاندا گیانی خۆیان بەخت کرد». .

مینا ئاوەکەڵەیی جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لە کابینە یەك لە دوای یەکەکانی کوردستان و لە دەسەڵاتی چاودێری و یاسایی ئافرەتان نموونەیەکی کارامە بوون و توانیویانە گوڕانکاری لە ئەدای ئەو پۆستانەدا بکەن و جێ پەنجەی کار و هەوڵەکانیان دیار بووە، بەتایبەتی لە نوێنەرایەتیکردنی هاووڵاتیان بە سەرجەم چینەکانیەوە». هاوکات بە پێویستی دەزانێت «چالاکانی بواری ئافرەتان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و بەتایبەتی سەرکردایەتیی سیاسیی سەرجەم حزبەکانی کوردستان ئاسانکاری بۆ پەروەردەکردن و راهێنان و بەشداریی فیعلی ئافرەت لە کاری سیاسیدا بکەن و دەرفەت بدرێ بە ئافرەت بەشدار بن لە سونگەی بڕیاردان و خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن، چونکە ئەمە لە دەرئەنجامدا دەبیتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ بەهێزکردنی ئابووریی کوردستان و هەروەها سەرخستنی حکومەت لە بواری بەڕێوەبردن و کارگێڕیدا».

کۆمەڵناس ئالان لەشکری، سەبارەت بە رۆژی جیهانی ئافرەتان دەڵێت: «خۆشبەختانە ئافرەتان لە ئاستی جیهانیدا و بەتایبەتی لە وڵاتانی پێشکەوتوودا تا رادەیەکی زۆر توانیویانە مافەکانی خۆیان دەستەبەر بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا خەبات و هەوڵەکانیان بەردەوامە بۆ ئەوەی بە تەواوی جیاوازی رەگەزی بنبڕ بکەن. بەڵام ئەو پێشکەوتنە لە وڵاتانی ناوچەکەدا و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی بە کوردستانیشەوە، بەدی ناکرێت، ئەگەرچی هەرێمی کوردستان بەراورد بە وڵاتانی ناوچەکە، پێشەنگ بووە بۆ بەشداری ئافرەتان لە کاری سیاسی و رێکخراوەیی و تەنانەت ئابووری و بزنس، بەڵام ژمارەکە هێشتا دڵخۆشکەر نییە». لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە رۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەستنیشانکردنی ئافرەتێك بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟ ئایا ئەو دەستپێشخەرییە مێژووییە کە لە وڵاتانی ناوچەکەدا تا ئێستا رووی نەداوە، تا چەند هاندەری خانمان دەبێت هەتا خۆیان بۆ بەشداریکردن لە دروستکردنی سیاسەت و بەڕێوەبردنی وڵاتدا ئامادە بکەن؟ دەڵێت: «بێگومان دەستنیشانکردن و هەڵبژاردن خانمێك بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی پەرلەمان کارێکی ناوازە و دەستپێشخەرییەکی مێژوویی بوو، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورت و کاتییش بێت، چونکە ئەوە رچەشکێنییە و رێنمایی دەرە بۆ دووبارە و چەندبارە بوونەوەی، بێگومان حکومەتی بەهێزیش بە بەشداری هەردوو رەگەز و بە بەگەڕخستنی تواناکی ئافرەتانی کارامە و پیاوانی شارەزا و پسپۆڕ دروست دەبێت».

لە کۆتایی ئەم راپۆرتەدا ماوە بگوترێ: خۆپیشاندانە گەورەکەی ئافرەتانی کرێکاری کارخانەیەکی رستن و چنین لە (نیویۆرك)ی ئەمریکا کە لە ساڵی ١٨٥٧ی زایینی بە مەبەستی زیادکردنی حەقدەست و کەمکردنەوەی ماوەی کار و هێرشی هێزەکانی پۆلیس و کوژران و بریندار بوونی ژمارەیەك لە خۆپیشاندەران بووە هەوێنی دەستنیشانکردنی رۆژێکی جیهانی بۆ ئافرەتان. هەر بۆیە خەباتی کرێکارانی کارخانەی رستن و چنین لە ئەمریکا وەکو رووداوێکی مێژوویی و گرینگ لە مێژووی خەباتی مافخوزانەی ئافرەتان بەگشتی و خانمانی ئازادیخواز بەتایبەتی دێتە ئەژمار.

ساڵی ١٩١٠ی زایینی لە شاری (کۆپینهاگن)ی دانیمارك دووەمین کۆنفرانسی ژنانی سۆسیالست بەڕێوەچوو، کە لەوێ (کلارا زتکین) یەکێك لە رێبەرانی ناسراوی حزبی سۆسیالیستی ئەڵمانیا لەسەر دیاریکردنی رۆژی جیهانی ئافرەتان دواو پێشنیاری کرد، ٨ی مارس وەکو رۆژی جیهانیی ئافرەت بناسرێت. ئافرەتانی (ڕووسیا)ش لە ئاخرین یەك شەممەی مانگی فێبریوەری ١٩١٧ی زایینی بە دروشمی (ئاشتی و ئافرەت) دەستیان دایە مانگرتن، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە رێبەرانی سیاسیی ئەوکاتی رووسیا ئەو مانگرتنەیان بە ناڕەوا دەزانی، بەڵام ئافرەتان سوور بوون لەسەر مانگرتن بۆ داواکارییەکانی خۆیان و دوای چوار رۆژ دەوڵەتی تزار ناچار بوو واز لە دەسەڵات بهێنێت. بەڵام کلارا زتکین بۆ جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٢١ی زاینی دوای ١١ساڵ دیسان پێشنیاری کرد، ٨ی مارس وەك رۆژی جیهانیی ئافرەتان دیاری بکرێ، پێشنیارەکەی پەسند کرا و ئەم رۆژە وەك رۆژی ئافرەتان لە مێژوودا دیاری کرا.

ئەگەرچی تا هەنووکەش رێوڕەسمەکانی ئەم بۆنەیە لە زۆرێك لە وڵاتان قەدەغەیە، بەڵام ئافرەتانی چالاك و خەباتکار کۆڵیان نەداوە و بۆ هێنانەدی ئاواتەکانیان لە خەبات و تێکۆشان بەردەوامن. لە هەرێمی کوردستانیش زۆر بە بایەخەوە یادی ئەم رۆژە جیهانییەی خانمان دەکرێتەوە و ئافرەتانیش ئاسۆی داهاتوویان گەش دەبینن.

**دەستەبەرکردنی مافەکان و ژیانێکی سەربەرز و ئارام و ئاشتییانە بۆ ئافرەتان زامنی ئاشتی و ئاسوودەیی و پێکەوەژیانی هەموو ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگەیە**

**ژنان بۆ سەندن و پچڕینی مافەکانیان و جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە کە مافەکانیان دەستەبەر دەکات، دەبێت خەبات بکەن و قوربانی بدەن بکەن**

**ڕێگەی بەدیهێنانی ژیانێکی سەبەرز و ئاسوودە بۆ ژنان کارکردنی خۆیانە لەسەر خودی خۆیان و بەرەوپێشبردنی فیکر و کرانەوەی بیریان بە رووی ئەو هەموو زانست و داهێنان و زانیارییانەی لە دنیادا دەستەبەر کراون**

# قوتابیانی زانکۆی کەرکووک داوای داگیرسانی ئاگری نەورۆز و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان دەکەن

**لە مێژووی کوردستاندا کورد و ئادار و نەورۆز، بووەنەتە سێ رەهەندی لێکدانەبڕاو، کە هیچ دەسەڵاتێك نەیتوانیوە وا لە کورد بکات، دەستبەرداری یادەکانی ئەو مانگە بێت، دانیشتووانی سەربەرزی شاری کەرکووکیش سەرەڕای گوشاری داگیرکاری لە سەردەمی رژێمی بەعسیش گوێیان بە هەڕەشە و زەبروزەنگی دەسەڵاتداران نەداوە و هەموو ساڵێك ئاگری نەورۆزیان کردووەتەوە. بەڵام لە کەرکووکی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەر، هەوڵەکان بە ئاراستەی قەدەغەکردنی بۆنە و یادە نەتەوەییەکانی کوردە و تەنانەت قوتابیانی کوردی زانکۆی کەرکوك کە ساڵانە لە رۆژی جلوبەرگی نەتەوەییدا جلوبەرگی کوردییان دەپۆشی، ساڵی پار بە بڕیاری سەرۆکی زانکۆ ئەوەشیان لێ قەدەغەکرا، هاوکات چەند مانگێك پێش ئێستا گۆڕانکارییەکی زۆر لە پۆستە ئیدارییەکانی زانکۆی کەرکوك لە هەموو کۆلێژەکانی زانکۆکە کراوە، لە ئاکامدا پشکی کورد زۆر کەم بووەتەوە، بەڵام قوتابیانی کوردی کەرکوك پێداگری لە کردنەوەی ئەو بۆنە و یادانە دەکەنەوە و داوای داگیرسانی ئاگری نەورۆز و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

رزگار سەعدوڵا، کارگێڕی لیژنەی ناوچەی زانکۆ و پەیمانگاکانی کەرکووکەو سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «رەوشی خوێندنی کوردی بە گشتی لە کەرکووك لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە کەوتۆتە بەر هەڕەشە و مەترسییەکی زۆر و بەتایبەتی لە نێو زانکۆ و پەیمانگەکاندا، هێزە عێراقییەکان بە ئۆتۆمبێلی سەربازی و چەکی قورسەوە دێنە نێو زانکۆی کەرکووك و حەرەمی زانکۆ دەشکێنن، ئەمەش کاریگەی لەسەر هزر و بیر و ئاستی زانستی قوتابیان دروست دەکات، سەرەڕای ئەمەش لەلایەن میلیشیا شیعەکان و نوێنەرەکانیان لە نێو کۆلێژ و پەیمانگەکان رێگری دەکەن لە یادکردنەوەی بۆنە و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان کە مافێکی سەرەتایی و رەوای قوتابییە کوردەکانی شاری کەرکووکە». هاوکات دەڵێت: «پار ساڵ لە رۆژی پۆشینی جلوبەرگی کوردی ١٧ قوتابیی کورد دەستگیرکران، من یەکێك بووم لەوان کە لە دوای سەرزەنشتکردن و گاڵتەکردن بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان و رەفتاری ناشیرینیان نواند، دواتر سەرجەم یادە پیرۆزەکانی گەلی کورد لە زانکۆی کەرکووك قەدەغە کران، بەڵام ئەمساڵ لە دەستپێکی وەرزی نوێی خوێندن قوتابیان سەلماندیان کە (سەری ڕمن لە گشت شۆڕش



و ڕاپەڕینێکدا)، لە ڕۆژی ئاڵای کوردستان لە ناوەندی زانکۆ بە دەنگێکی بوێر و دلێرانە و لۆگۆی کوردستان لەسەر دڵیان سروودی نیشتمانیی ئەی ڕەقیبیان وتەوە و ڕۆژی ئاڵای کوردستانیان پیرۆز کرد».

ئەحمەد سەمەد، بەرپرسی لقی زانکۆ و پەیمانگەکانی کەرکووکە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «زانکۆی کەرکووك هەمیشە لە چاوەڕوانیی بۆنە و یادە کوردییەکانی مانگی ئادار بووە، سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاتر لە ١٥ مانگ بە سەر خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و دۆخی داگیرکاری و تەعریب و بە سەربازیکردنی کەرکووك، ئەو چاوەڕوانییە زیاتر بووە».

بەرپرسی لقی زانکۆ و پەیمانگەکانی کەرکووك، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پرۆسەی بە عەرەبکردن لە شاری کەرکووك تەنیا لە ڕووی جوگرافیا و دانیشتووانەوە نییە، بەڵکو لایەنی کارگێڕی و تەنانەت هەندێك مافی سەرەتاییشی گرتۆتەوە، یەکێك لەو مافە سەرەتاییانەی کە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە لە قوتابیانی نەتەوەی کوردی زانکۆی کەرکووك زەوتکراوە، پۆشینی جلوبەرگی کوردی و سازدانی بۆنە و یادە کوردییەکان. ئەمە لە کاتێکدا پێش خیانەتی١٦ی ئۆکتۆبەر، لە ژێر سێبەری ئاڵای کوردستان و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستاندا هەموو یاد و بۆنەکانی نەتەوەکانی دیکە هاوشێوەی بۆنە کوردییەکان بە ئازادییەکی زۆرەوە ئەنجام دەدران». گوتیشی: «لە ئێستادا کە بەرەو یادەکانی ئادار و نەورۆز دەڕۆین، تاوەکو ئێستا قوتابیانی کورد زۆر بێ ئەمەلن لەو دۆخەی هەیە، بۆ ئەمساڵیش هەر لە ئێستاوە ئامادەکاری کراوە بۆ ڕێگریکردن لە قوتابیانی کوردی زانکۆی کەرکووك هەتا نەتوانن هیچ بۆنەیەکی نەتەوەیی بەڕێوە ببەن، ئێستاکەش تا دێت ڕەوشی شارکە خراپتر دەبێ و مەترسیی گەورەی لەسەرە، بۆیە پێشبینییەکانی ناوچەکە و بەتایبەتی دوای هەوڵەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی بۆ گەڕانەوەی دۆخی ئاسایی و یاسایی، کەرکووکییەکان بە ئومێدەوە چاوەڕێن لە ماوەیەکی نزیکدا، کەرکووك و پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان بە یەکتر شاد ببنەوە «.

سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان (نێچیرڤان حوسێن)، لە دەستپێکی وتەکەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات کە «بە درێژایی مێژوو داگیرکەران و دوژمنانی کوردستان ڕێگا و شێوازی جۆراوجۆریان بۆ چەوساندنەوە و لەناوبردنی گەلی کورد تاقی کردووەتەوە، لەو شێوازانەش ئازاردانی دەروونیی تاکی کورد بووە بە ڕێگای جۆراوجۆر، بێ ئاگا لەوەی ئەو ویستە هەمیشە لە ناو ناخی هەموو تاکێکی کورد وەکو پشکۆیەکی بەتین گڕ دەستێنێ». گوتیشی: «بەداخەوە لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر و داگیرکردنی کەرکووك و بەشێکی زۆر لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، زۆر دڕندانە دژایەتی کوردەکان دەکرێ لەلایەن سوپای عێراق و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و هەموو هێزەکانی سەربازی و ئەمنیی عێراق و هەموو ئازادییەکانیان لێ زەوتکراوە. قوتابیان و لاوانیش بەتایبەت لە زانکۆ و پەیمانگاکانی کەرکووك دوور نەبوون لەو دژایەتیکردنە و بەردەوام ڕێگرییان لێ کراوە لە یادکردنەوەی بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان و تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی ڕێگری بکرێت لە پۆشینی جلوبەرگی کوردی لە بۆنە نەتەوەییەکاندا، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا وێڕای دروستکردنی نیگەرانی لای قوتابیان و لاوان، ئاشتیی کۆمەڵایەتی لەو شارە دەخاتە ژێر مەترسییەکی گەورە، کە ڕەنگە لە درێژمەودادا، کار بکاتە سەر پێکەوەژیانی پێکهاتە جیاوازەکان لەو شارە. بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە و پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت، ئەوەیە کە قوتابی و لاوی کورد لە ئاستێکی زۆر بەرزی هوشیاری و ڕۆشنبیری و ڕۆشنگەری زانستیدان، ئەوەش وای کردووە، سەرباری هەستی بەرزی نەتەوەیی، لە کاردانەوەی توندوتیژ خۆیان بە دوور بگرن، بۆیە ئەم جۆرە بڕیارانە زیاتر سووریان دەکات لە خەبات و تێکۆشان لە پێناو گەیشتن بە ماف و ئامانجەکانی گەل».

**دوای هەوڵەکانی جەنابی سەرۆک بارزانی بۆ گەڕانەوەی دۆخی ئاسایی و یاسایی شارەکە، کەرکووکییەکان بە ئومێدەوە چاوەڕێن هەتا لە ماوەیەکی نزیکدا کەرکووک و پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان بە یەکتر شاد ببنەوە**

**هێزە عێراقییەکان بە ئۆتۆمبێلی سەربازی و چەکی قورسەوە دێنە نێو زانکۆی کەرکووک و حەرەمی زانکۆ دەشکێنن، ئەمەش کاریگەی لەسەر هزر و بیر و ئاستی زانستی قوتابیان دروست دەکات**

**میلیشیا شیعەکان و نوێنەرەکانیان لە نێو کۆلێژ و پەیمانگەکان ڕێگری دەکەن لە یادکردنەوەی بۆنە و پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان کە مافێکی سەرەتایی و ڕەوای قوتابییە کوردەکانی شاری کەرکووکە**

